# پەیامێك بۆ گەریلا

**كەریم كاكە**
kerimkaka@yahoo.com

گەریلا رۆژ باش

لە باشوورەوە، پێشمەرگەیەكی دێرین قسە دەكات..

لە هەولێرەوە، لەو كۆلانەوە قسە دەكەم كە ماڵە نیوە توركمانێكی لێیە، كورەكەیان پلەیەكی بەرزی هەیە لە دەسەلات، ئالای ئەتاتوركیشیان ئامادە كردووە بۆ پێشوازیكردن لە سەربازانی تورك.. رێك لەو گەرەكەوە قسە دەكەم كە ماڵە جاشێكی لێیە، لەوەتەی جاشایەتی هەیە جاشە و هەمیشە لە وەزیرێك پتر دەستی دەرِوا، ئامادەیە ببێتە جاشی توركیش، زۆر دوور نا لەو ماڵەوە قسە دەكەم كە كاتی خۆی بە پێلاوی دراوەوە لە قەندیل دەسوورِاینەوە، كەچی ئێستا هیچ سەركۆمارێكی تورك هێندەی وی نیە و ئامادەشە بۆ پاراستنی سامان دەست لەگەڵ توركان تێكەلاو بكات..

منیش باكوور نشین بام جگە لە رێی گەریلایی رێگەیەكی دیم نەدەگرتە بەر، ئەوانەی داوای چەك فرێدان لە ئێوە دەكەن، یان خائینن، یان ترسنۆك، یان گەمژە.. تورك بۆ نا تورك جگە لە گەریلایی رێگەیەكی دیكەی نەهێشتۆتەوە، من دژی كوشتنم بەلام سەربازی تورك كە پێی داگیركاری دەنێتە سەر خاكی كوردەوە شایانی ئەوەیە بكەوێتە ناو سێرەی تفەنگی گەریلاوە، تەماشاكەن دنیا گەیشتۆتە كوێی بەدرِەوشتی بە گەریلا دەڵێن تیرۆریست!

دڵنیام دوای گەیشتن بە ئازادی چارەنووسی پێشمەرگە بە چی گەیشت هی گەریلاش هەر ئاوای لێدێت، بازرگانی، بازرگانی، پێشمەرگە و گەریلا بە رێی بازرگانی، ئەوانەی بەو رێیەدا رێناكەن وەك هەتیوەكانی دنیا دەكەونە پەناو پەسیوان، لەگەڵ ئەو راستییە تاڵەش لە ئاست دەولەتی تورك، دەولەتی تیرۆر، دەولەتی كەمالی و عوسمانلی، گەریلا گەریلا جگە لە گەریلایی هیچ..

كورِ و كچە جوانەكانی قەندیل، ئەو قەندیلەی هەمیشە بە پیرۆزی دەمێنێتەوە، ئەو قەندیلەی جوانی و گەنجیی منی برد هی ئێوەش دەبات.. هەر هێندەم لە دەست دێت، هەر چۆنێك بێت دەبێت كەچە تفەنگێ پەیدا بكەم و لە سەر بانی ماڵێ بە ریشی بۆزەوە بە مەتارەیەك دەربدەوە، بە كۆڵەپشتێ ئازارەوە سەنگەر لە سەربازانی تورك- ئەگەر هاتن- بگرم، بەلام با دەسەلاتی سیاسیی ئێرە دڵیان بە من خۆش نەبێت، دڵیان بەو پێشمەرگە دێرینانە خۆش نەبێت كە لە پەناوپەسیوان كەوتوونە و خانەنشینیەكی بێوەژنانەشیان نیە، من ناتوانم بەرگری لە بێ كارەبایی و بێ ئاوی و گرانی و برسێتی و قووڵترین ناعەدالیەتی كۆمەلایەتی بكەم.. تەنها و تەنها بەرگریی لە كوردبوونی خۆم دەكەم، قەتیش ئەو كوردبوونەم بە دەسەلاتی سیاسی نابەستمەوە، نا هەرگیز ناچمە سەنگەری سەربرِ و قۆلبرِ و كۆنە جاش و بەعسی و ناچمە سەنگەری ئەو پیاوانەی بە بەر چاوانەوە بازرگانی بە نیشتمانێكەوە دەكەن و داوای شەرِیش لە من دەكەن..

ئەگەر تورك هات من دەچمە سەنگەری خۆمەوە، سەنگەرێك سەنگەری دەسەلاتی سیاسیی كوردی نیە...

بژی گەریلا، نەژی دەولەتی تورك بە دیندار و بێ دینییەوە

هەولێر_كوردستان 1_11_2007